
# پەرلەمانی عێراق خشتەی کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممەی داهاتووی بڵاوکردەوە



فەرمانگەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق خشتەی کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممەی داهاتووی بڵاو کردووەتەوە و ئاماژە بەوە دەکات لە دانیشتنی دووشەممەدا، پرۆژەیاسای پێشنیازکراوی کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت.

پێنجشەممە، 9ـی کانوونی دووەمی 2025، فەرمانگەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق خشتەی کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی یەکشەممە و دووشەممەی هەفتەی داهاتووی بڵاو کردەوە و تێیدا ئاماژەی بەوە کردووە، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممەدا چەند بابەت و یاسا و پرۆژەیاسایەك گفتوگۆ و خوێندنەوە و دەنگدانیان لەسەر دەکرێت، کە گرنگترینیان بریتییە لە خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای هەمواری یاسای خانەنشینی ژمارە (9)ـی ساڵی 2014.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق هەروەها ڕایگەیاندووە، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی دووشەممەدا خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای کۆمەڵکوژیی ئێزدییەکان دەکرێت کە لە لایەن لیژنەی مافەکانی مرۆڤ ئامادە کراوە.

هاوکات بە گوێرەی ڕاگەیەنراوەکەی فەرمانگەی ڕاگەیاندنی پەرلەمانی عێراق، خوێندنەوەی یەکەم بۆ پرۆژەیاسای پاراستنی مافی پێکهاتەکان دەکرێت.

هەمان ڕۆژ ڕاپۆرتێك لە بارەی خوێندنەوەی دووەمی پرۆژەیاسای هەمواری یەکەمی یاسای بودجەی گشتیی فیدراڵی بۆ ساڵەکانی 2023، 2024 و 2025ــی ساڵی 2023 دەکرێت و گفتوگۆی لەسەر دەکرێت.